

## (حەسەن بەلاسم)

# رۆژنامەیەکی سەربازی

**(پێشکەشە بەکوژراوەکانی جەنگی (عیراق– ئێران)( 1980–1988 )**

**نووسینی : حەسەن بەلاسم، ناسراو بە (ئازاد عوسمان)**

**و/ تاهیر عەبدولواحید**

دەچین بۆ گۆڕستانەکە، دواتریش بۆ جێگەی توێکاری مردووەکان.. مۆڵەت لەپاسەوانەکانی رابردوو دەخوازین و مردووەکە بەڕووتی دەردەهێنین، دەیبەینە باخی گشتی، لەسەر سەکۆیەك و لەژێر تیشکی پرتەقاڵی تۆخی خۆردا دایدەنیشێنین، هەوڵ دەدەین سەری راگیربکەین.. مێرویەك یان مێشێك لەدەوری گیزەگیز دەکات، لەگەڵ ئەوەی مێش بەیەکسانی بەسەر زیندووەکان و مردووەکانەوە دەگیزێنێت ، پێویست بەوە ناکات کەشەق لە ژێر گونی هەڵدەین تا بەپاکی و راستگۆییەوە قسەمان بۆبکات. چونکە مردووەکان تەنانەت خوێڕیەکانیشیان پاك و بێگەردن..

..................

زۆر سوپاس نووسەری ئازیز کەئەو مێشەت لە لووتم دوور خستەوەو ئەم هەلەت بۆ رەخسانم لە ژێر تیشکی خۆردا.. تەنها لەیەك شتدا لەگەڵتا ناکۆکم ئەویش ئەوەیە کە دەتەوێ خوێنەران بترسێنی و بەخوێڕی وەسفم بکەیت، تکات لێدەکەم لێگەڕێ باخۆیان بڕیاربدەن تۆش مەبە بە سەگی هار.. ژیان پیرۆز بەخۆت بێت، بەڵام دەست وەرمەدەرە ناو جەوهەری ئاژەڵێکەوە کە خۆت لە ڕەگەزی ئەویت.

داوەری بەڕێز: دەساڵ بەر لە ئێستا. یان پێشئەوەی کۆتایی بەژیانم بهێنم، لە رۆژنامەیەکی سەربازیدا کارم دەکرد، سەرپەرشتیاری لاپەڕەی رۆشنبیریی بووم. کە گرنگی دەدا بەچیرۆك و هۆنراوەی تایبەت بەجەنگ. ژیانێکی ئارامم هەبوو. کچێکی بچووك و هاوسەرێکی بەوەفام هەیە کە دەسترەنگینە لە ئامادەکردنی خواردندا، * **بەم دواییانەش رازیبوو بەوەی کەپێش هەر جووتبونێك بۆم بمژێ**. لە کارکردنم لەو رۆژنامەیەدا بڕێکی زۆر دیاریی و پاداشتم وەردەگرت



www.dengekan.com
5/7/2007

که نرخەکانیان زۆر لە سەروو مووچەی مانگانەکەمەوە بوون، سەرنووسەری رۆژنامەکە گەواهی ئەوەی دەدا کەمن بلیمەتترین کەس بووم کە بەخەیاڵدانێکی جەنگاوەرانەوە کە ساردبونەوەوبێزاری نەدەزانی پەڕەی رۆشنبیریم ژیاندبۆوە، تەنانەت رێزلێنان و چاودێری خودی وەزیری رۆشنبیرشم بەدەستهێناو بەنهێنی پەیمانی ئەوەی پێدام کە سەرنووسەر لاببات و من لە جێگەکەی دابنێ، من تا ئەورادەیە بلیمەت نەبووم، بەڵام ئەوخوێڕیەش نەبووم کە کاکی نووسەری ئەم چیرۆکە دەیەوێت بەوشێوەیە وەسفم بدات. من پیاوێکی کۆڵنەدەرو خاوەن خواست و ئارەزوو بووم . خەونی ئەوەم هەبوو ببمە وەزیری رۆشنبیری و هیچی تر، بۆیە لەوڕۆژانەدا شەرەفمەدانەو زیاتر شانم دابوەبەرکارەکەم، مینای نانەوایەکی ئارامگر ئارەق لە ناوچەوانم دەچۆڕا و من هەر سەرقاڵی پیاچوونەوەو هەڵەبڕی و دیزاینی لاپەڕە رۆشنبیرییەکەم بووم... نا جەنابی دادوەر، وەك تۆ دەیهێنیتەپێش چاوی خۆت من سانسۆرم لەسەر ئەو دەقانە دانەدەنا کە هەڵمدەبژاردن بۆ لاپەڕەکەم.. سەربازە نووسەرەکان زۆر توندتر لەوسانسۆرکارانەی کە لەژیانمدا بەریان کەوتووم کاریان جێبەجێ دەکرد، ئەوان ورد دەبوونەوە لە هەموو وشەیەك و پیتەکانیان بە زەڕەبینی گەورە دەپشکنی.. ئەوان هێندە گەمژە نەبوون تاچەند دێڕێکی گریاناوی یان چەند رستەیەکی بەناڵەو هاوار بنێرن.. هەندێکیان لە پێناوی ئەوەدا دەیاننووسی کە باوەڕ بەوەنەکات کە دەکوژرێ و جەنگ تەنها بکرێتە چیرۆکێکی حەماسەتئامێزی نێو رۆژنامەکان، هەندێکی تریشیان لە دووی دەستکەوتی ماددی و مەعنەوی دەگەڕان. هەندێك نووسەریش ناچار کرابوون کەئەوجۆرە کارەبکەن.، ئەمانە هیچیان جێگەی گرنگیپێدانی من نین . من لەم چرکەساتەدا پەشیمان نیم و ناشترسم. چونکە جەنابی دادوەر. هەروەك دەزانی مردوو ئازار ناچێژێ بۆ ئەو تاوانانەی کە کردوونی و ئارەزوومەندی خۆشییەکانیشی نییە. هەرچەند جارناجار پێچەوانەی ئەم راستییە دەبیستین. بەڵام ئەوە زیادەڕۆییەکی شیعری ئایینی بێتام و قسەوقسەلۆکێکی کۆمیدییەو هیچ پەیوەندییەکی بەحاڵی سادەی مردووەکانەوە نییە..
بەڵام من داندەنێم بەوەی کەزۆر دەستم وەردەدا لە چۆنێتی بونیادنان و رێچکەی نووسینی چیرۆك و قەسیدەکان، هەوڵم دەدا بەپێی توانا ئەو وێنانەی کە لە بەرەکانی جەنگەوە دەنووسرانەوەو دەگەیشتنە دەستمان پتر خەلوزی خەیاڵدانی خۆمیان پێبگەیەنم. بەڵام توبی و خودا مانای چی یەکێك بڵێ: ئێمە چوینەتە نێو جەنگێکی شیعرییەوە.. هەستمدەکرد تۆپباران شێوەی بارانێکی بەخوڕبوو، بەڵام ئێمە نەدەترساین.... ئەو دێڕەم سڕیەوەو سەرلەنوێ دامڕشتەوە.: وام هەستدەکرد ئاگری تۆپبارانەکە شێوەی کەرنەڤاڵی ئەستێرەکان بوو.. ئێمەش عاشقانە بەسەر خاکی نیشتماندا دەشناینەوە،.. ئەمە نموونەیەکی بچووك بوو لەچۆنێتی دەستێوەردانی بابەتەکان.. بەڵام دادوەری بەڕێز گۆڕانکاری گەورەی نێو ئەم حیکایەتە لەوە دەستیپێکرد کاتێ پێنج رۆمان لەسەربازێکەوە گەیشتە رۆژنامەکەمان کەدەیوت تەواوی ئەم رۆمانانەی لە ماوەی یەك مانگدا نووسیون. هەریەکێك لەو رۆمانانەی لە دەفتەرێکی ئەستوری ڕەنگاوڕەنگی قوتابخانەکاندا نووسیبوون. لەسەر بەرگی هەر دەفتەرێك و لە نێو ئەو چوارگۆشەیەی کە دانراوە بۆ ناساندنی دەفتەرەکە ناوو پۆل و قوتابخانە.. ئەو پۆلانەی کە لە سەریان نووسرابوون قۆناغی سەرەتاییان تێنەدەپەڕاند، هەر دەفتەرێکیش ناوێکی جیاوازی لەسەر نووسرابوو، هەر رۆمانێکیش لەوانە باسی لە حیکایەتی سەربازێك دەکرد، کە ناوەکانیان لەسەر بەرگی دەفتەرەکان نووسرابوون، رۆمانەکان بەزمانێکی هونەریی و زۆر سەرسوڕهێنەر نووسرابوون، دەتوانم بڵێم تەواوی ئەو رۆمانانەی کەپێشتر خوێندبوومنەوە لەچاو ئەم رۆمانانەدا تەنها وڕێنەو چەند حیکایەتێکی بەتاڵ و گرگن بوون بە بەراورد لەگەڵ گەورەیی و جوانی نووسینی ئەو سەربازەدا.. رۆمانەکان باسیان لە جەنگ نەدەکرد. تەنها ئەوەندە نەبێت کە پاڵەوانەکانی کۆمەڵە سەربازێکی بێوەی بوون، کۆمەڵە رۆمانێکی قووڵ و رۆشن و سەخت بوون سەبارەت بە بوونەوەرگەلێکی سێکسی لە روانگەیەکی منداڵئاسا و روانگەیەکی ئەهریمەنئاسا لەیەك کاتدا، سەبارەت بەکۆمەڵە سەربازێك دەتخوێندەوە کە بە تەواوی پێداویستیەسەربازیەکانیانەوە لەنێو باخچەو کەناری دەریاکان لەگەڵ خۆشەویستەکانیان گەمەیان بەشەهوەت و پێکەنین دەکرد ، سەربازگەلێك کە لە رانی سۆزانییەکان تاقی مەڕمەڕیان دروستدەکرد کە کۆمەڵە رووەکێکی خەمناکی رەنگ شیریی پیادا هەڵدەزنا. کۆمەڵە سەربازێك کەئاسمانیان لە رستەیەکی کورتی ئاڵۆشاویدا وەسف دەکردو سەریان لەسەر سنگی ئافرەتە نەرموونیانەکان دانابوو کۆمەڵە سرودێکی ئەفسووناوی بوون دەربارەی جەستەکان کاتێ گوڵە ئاوییەکانیان دەردەخست. بەپەلەو بە پەرۆشیەوە دەستم بەگەڕان کرد لە دووی ئەو شەڕگەو یەکە سەربازییەی کە سەربازە خاوەن نووسینەکانی لێبوو، بۆم رونبووەوە کەئەو فەیلەقەی سەربازەکە تیایدا دەجەنگا پێش چەند رۆژێك بەر لە ناردنی ئەو رۆمانانە کەوتوونەتە بەر هێرشێکی رامالینی سەرتاسەریی لەلایەن دوژمنەوە. ئەو فەیلەقە زیانێکی گیانی و ماددی زۆر قورسی بەرکەوتووە..
هاوڕێیەکم هەبوو سەرپەرشتیاری لاپەڕەی (ئازایەتی و میدالیاکان) بو لە رۆژنامە سەربازییەکەماندا.. هەرکاتێك دەیبینم هاواری دەکرد: تۆ دەماغێکی دەبابە ئاسات لە سەردایە، هاوڕێم... ئەو وەسفەی ئەوم هاتەوە یاد. هەستم کرد بیرۆکەکە لە رایەڵەکانی دەماغە ئاڵتوونییەکەمدا دەبریسکێتەوەو خەملیوە کاتێ موعجیزەکانم هەڵدەدایەوەلە



www.dengekan.com
5/7/2007

نێودەفتەرەکاندا، بڕیارمدا نامەیەك ئاڕاستەی ئەو سەربازە بکەم و هەڕەشەی لێبکەم و بەتوندی و بەئاشکرا پێی بڵێم کە لەوانەیە دووچاری لێپرسینەوەی حزبی ببێت و پێدەچێت بەم نزیکانە دادگایی بکرێت. لەوانەشە لەسێدارە بدرێت. چونکە ڕۆمانەکانی بەئەنقەست و بەشێوەیەکی روون لە ڕێبازی حیزب و جەنگە عادیلانەکەی لایداوە.. من پەنام بردە بەر چۆنێتی ترساندنی باوو ئەزەلی سەربازەکان... تاوای لێبکەم دەست هەڵگرێ لەو ڕۆمانانە. یان داوای لێبوردنم لێبکات و بەکەساسییەوە لێم بپاڕێتەوە تا ئەوەی کەنووسیویەتی بیفەوتێنم. دواتریش بیبەخشم لەوکارە نابەجێیەی و جارێکی تریش پەیمانی ئەوەبدات کەدووبارەی ناکاتەوە، ئەوکات خۆم دەزانم چی لەو ڕۆمانە ئینسانییە باڵایانە دەکەم. بڕواناکەم هیچ ڕۆماننووسێکی گەورە لەوەزیاتر خەونی هەبێت کەپێنج ڕۆمانی لەوجۆرەی هەبێت کەخاوەنی توانای داهێنانێکی بەرزە لە تێکەڵکردنی زمانی خەون و واقیعدا بۆ گەیشتن بەڕەگەزی دەهەمی زمان، ئەویش ئەو رەگەزەیە کە ئاگری لێدروستکراوە لە ئاگریش ئەهریمەنی لێدروستکرا. ئاسمان دوورنەبوو لێمەوە. زۆر بەخێرایی هاوپشتی کردم.. دوای هەفتەیەك لە ناردنی نامەکەم بۆ سەربازەکە پەیامێکم لە فەیلەقە سەربازییەکەیانەوە پێگەیشت کە دەڵێت: ئەو سەربازە لەدوای هێرشی ئەم ماوەیەی رابردوودا کوژراوەو تەنها کەسێکیش لە نێو کەرتەکەیاندا بەزیندوویی دەربازی نەبووە، لە خۆشیانداو لە بەخشندەیی فراوانی قەدەر وەختەبوو دەست بەگریانێکی بەکوڵ بکەم کاتێ ناوی سەربازە کوژراوەکەم بەمەستییەکەوە کە باس نەدەکرا دەخوێندەوە.

دادوەری بەڕێز... دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ لە بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانیان بەناوی خۆمەوە. (کاتێ ناوێکی جیاوازم بۆدانا). بەوڵاتانی جیهاندا دەگەڕام تا لە شێوەی زنجیرە لێکۆڵینەوەدا ڕۆمانە نوێیەکەم پێشکەشبکەم. لەو کاتانەدا گەورەترین و بەناوبانگترین رەخنەگران و بیرمەنداں منیان دەناساند. گەورەترین ڕۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبی دنیا لە بارەی منەوە دەیاننووسی. تاوای لێهات ماوەی تەواوم نەمابوو بۆ سازدانی چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ئێزگەکان، رەخنەگرانی وڵاتیش لێکۆڵینەوەی دورودرێژیان سەبارەت بەجەنگە عادیلانەکەمان نووسی کە لە توانایدایە مرۆڤ بەهرەمەند بکات لەو هەموو بەخشندەیی و خۆشەویستیی و شیعرە.. ماجستێرنامەو نامەی دکتۆرای زۆر لە زانکۆکانی وڵاتدا نووسران. توێژەرەوەکان پشتیان بەهەڵکۆڵینی سەرجەم ئاماژە شیعریی و مرۆڤایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەم بەست. باسیان لە ئاوازسازی نێوان گوللەو شەهوەت کرد، نێوانی دەنگی فڕۆکەو لەرینەوەی پێخەف ، نێوان ماچ و پریشك، نێوان بۆنی باروت و بۆنی نێوان رانەکانی ئافرەت، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەو ڕۆمانانە نە لە دورو نە لە نزیك باسی لە جەنگ نەدەکرد، دوای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان لە ئاهەنگێکی گەورەی رێزلێناندا کورسی وەزیری ڕۆشنبیرییم بەبێ ماندووبوون وەرگرت.. هیچ پەلەم نەبو لە بڵاوکردنەوەی چوار ڕۆمانەکەی تریان، هێشتا ڕۆمانی یەکەمم زۆرشتی تر مابوو کە بەدوای خۆیدا بەجێی بهێڵێت.. ژنەکەم و ماڵەکەم و جلوبەرگ و ماشێنەکەم گۆڕی بەو پێداویستییانەی کەخۆم حەزم پێدەکردن.. ئەتوانم بڵێم کڕنوشم بۆ جەنگ بردو دەستەکانم بۆ ئاسمان بەرزکردنەوە تاسوپاسگوزاریان بم لەم هەموو بەخشندەیی و شادمانییەی کەبەهیچ نرخێك پێوانە ناکرێت. زۆر دڵنیابووم کەخەڵاتی نۆبڵ لەسەر مێزی وەزارەتەکەم دەبینم لەدوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی پێنجەم. هەروەك دەڵێن. خۆشبەختی دەرگاکانی واڵاکرد، تائەو رۆژەی لەسەر ناونیشانی وەزارەتەکەم سێ پۆستی گەورەم لە بەرەکانی جەنگەوە پێگەیشت کە بریتیبوون لە بیست ڕۆمانی نوێی تر کە لە هەمان سەربازو بەهەمان شێواز نێردرابوون . لە نێو کۆمەڵە دەفتەرێکی قوتابخانەکان و ناوی سەربازگەلێك لە قۆناغی سەرەتاییدا. چیرۆکی خۆشەویستی و شەهوەت . لە سەرەتاوە هەستم بەدڵەڕاوکێیەکی زۆرکرد، دواتر ئەم دڵەڕاوکێیەم گۆڕا بۆ ترسێکی بەستەڵەکئاسا. بەپەلە ڕۆمانەکانم هەڵگرت و داوام لەیەکێك لە بەرپرسیارانی گەنجینەکان کرد کە کلیلی یەکێك لە عەمبارەکانم بداتێ، زۆر بەخێرایی ڕۆمانەکانم حەشاردا، پەیوەندییەکی چڕو پڕو زۆرم دەستپێکرد بۆگەڕان لە دووی ئەوسەربازە، وەڵامی تەواوی پەیامەکان راستەوخۆ دەگەڕانەوە بۆ نووسینگەکەی خۆم لە وەزارەت. هەمووشیان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو سەربازە کوژراوە. ڕۆژانێکی ترسناك بوون، بۆ رۆژی دوایی کۆمەڵێك پۆستی تری ڕۆمانەکان گەیشتن. ئەمجارە دوو ئەوەندەی ژمارەی ڕۆمانەکانی پۆستی پێشتر بوون کە لە هەمان سەربازو بەهەمانشێوە نێردرابوون، ئەوانەی تریشم هەڵگرت و بردمنە نێو عەمبارەکەوەو کۆمەڵێك قوفڵی زیاترم لە دەرگاکەی دا .. چەند مانگێکی دڵڕەق و توقێنەر بوون جەنابی دادوەر. چونکە من دابەشببووم لە نێوان شاردنەوەو حەشاردانی ئەو ڕۆمانانە کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پۆستدەکران بۆم و لە نێوان گەڕان لە دوای ئەو سەربازە کە هیچ شوێنەوارێکی لە درێژایی و پانتایی شەڕگەکاندا نەبوو.، لەوکاتانەدا بوو ڕۆمانی دووەمم چاپ و بڵاوکرابۆوە. چەند پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم لە سەرۆك و وەزیری بەرگری و لێپرسیاروانی دەوڵەتەوە پێگەیشت. تەواویان ستایشی دڵسۆزی و بلیمەتییان دەکردم، داوەتنامەکان لە دەرەوەی وڵاتەوە دەبارینە سەر وەزارەتەکەم. بەڵام ئەمجارەیان من هەموویانم رەتکردەوە، ئەویش بەو پاساوەی کەنیشتمان لە هەموو خەڵات و کۆنگرەکانی دنیا گرانترو گرنگترە. ئێستاو لەم بارودۆخە نالەبارەدا وڵات پێویستی بەهەموو رۆڵە دڵسۆزەکانی هەیە، لەڕاستیشدا ئەمویست



www.dengekan.com
5/7/2007

چارەسەرێك بۆ هەموو ئەو ڕۆمانانە بدۆزمەوە کە هەموو بەیانییەك و لە شێوەی هێرشی گەردەلوولئاسای کوللەو بەژمارەیەکی زۆرو زەوەند دادەباری .، ئەمڕۆ سەد ڕۆمان، سبەی دووسەدو ئیتر ئاوەها.،

دادوەری بەڕێز.. لەوەدابووم دەماغە تانکئاساکەم لە دەست بدەم. دواجار ناونیشانی ماڵی سەربازەکەم دۆزییەوە. چووم بۆ سەردانی ماڵ و خێزانەکەی تا دڵنیابم لەوەی کە کوژراوە.. دایکی پێی وتم من هەرگیز باوەڕم نەدەکرد کە کوڕەکەم مردبێت.. تەنها کونێکی بچووك لەناو چاوانیدا بوو، گوللەی قەناص بوو، ناونیشانی گۆڕەکەیم لە ژنەکە وەرگرت و بڕێك پارەم بۆ بەجێهێشتن.، عەمبارەکانی وەزارەت پڕبوون لەو دەفتەرانە، چۆن بۆ حیزب و حکومەتی روونبکەمەوە کە هەموو ئەو ڕۆمانانە من نووسیومن؟ بۆ لەو دەفتەری قوتابخانەنەدا نووسیومن؟ ئەی بۆچی بەم شێوەیە عەمباریان دەکەم؟ دەیان پرسیار هەبوون کەتەنها بۆ یەکێکیان وەلامێکی لۆژیکیم شك نەدەبرد، کۆمەڵێك گەنجینەی کۆنی عەمبارکردنی ئاردم لە چواردەوری پایتەخت کڕی بۆ روبەڕوبونەوەی دابارینی زیاتری ڕۆمانەکان. پارەیەکی زۆرمدا بەسێ کرێکاری وەزارەت تا گۆڕی سەربازەکەم بۆ هەڵبدەنەوە، جەستەیەکی بۆگەنکردوو و داڕزاوو ناوچاوانێکی کون، چەند جارێك لاشەکەیم جوڵاند تا دڵنیابم کەمردووە. بەگوێیدا چرپاندم.. دواتر بەدەنگێکی پڕ لەترس و تۆقینەوە جوێنم پێدا، بەڕوویدا وەستامەوە گەربتوانێت دەمی بکاتەوەو بچووکترین پەنجەی بجوڵێنێت. بەڵام ئەو بەتەواوی مردبوو. کرمێك لە گەردنییەوە هاتە دەرەوەو کرمێکی تری راوەدوو دەنا، دواتر سەر لەنوێ ڕۆچوونە نێو جێگەیەکی تر لەنزیك شانییەوە.

جەنابی دادوەر، پێدەچێت باوەڕ بەم حیکایەتە نەهێنیت. بەڵام من سوێند دەخۆم بەتواناو ستەمکاریت کە عەمبارەکانی وەزارەت و عەمباری ئاردەکان لە ماوەی ساڵێکدا پڕاوپڕبوون لە ڕۆمانەکانی ئەو سەربازە، بەدڵنیاییەوە نەمتوانی هەموویان بخوێنمەوە، بەڵام لە هەر کۆمەڵێکیان نموونەیەکم وەردەگرت. سوێندت بۆ دەخۆم ئەو ڕۆمانانە بەتەنها ژمارەیان زیادی نەدەکرد.. بەڵکو لە رووی ئەفراندن و درەوشانەوەوە بەرزتر دەبوونەوە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا دەلەرزیم و هەستم دەکرد کۆتاییم نزیك بۆتەوە گەر لافاوی ئەم ڕۆمانانە کۆتاییان نەیەت. بەدڵنیاییەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی گونجاوو نەگونجاو نەما وازی لێبهێنم کە نەیپشکنم و بەدوایدا نەگەڕێم، لە دووی ئەو ناونیشانانە گەڕام کەپۆستەکانی لێوەدەهات. هەموویان بەناوی هەمان سەربازو لە شوێنی جۆراوجۆری شەڕگەکانەوە دەهاتن، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەمئەتوانی ڕۆچمە نێو پرسیارکردن لە دووی پۆستەکان تانهێنییەکەم ئاشکرانەبێت. گەڕامەوە بۆ گۆڕستانەکەو لاشەی سەربازەکەم سوتاند. ژنی دووهەمم تەڵاقدا، دەستبەرداری کاری وەزارەتەکەم بووم پاش ئەوەی پزیشکی دەروونی راپۆرتێکی سەبارەت بەتێکچوونی باری تەندروستیم پێشکەش کرد. تەواوی ڕۆمانەکانم لە عەمبارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و عەمبارەکۆنەکانی ئاردەکان کۆکردنەوە، لەدەرەوەی شار زەویەکی کشتوکاڵی چەپەکم کڕی، کورەیەکی تایبەتی سوتاندن و عەمبارێکی گەورەو ژوورێك و ئاودەستێکم تیا دروستکرد، دیوارێکی بەرزم بەچواردەوری زەویەکەدا هەڵچنی. دڵنیابووم کە لەوەودوا ڕۆمانەکان لەسەر ئەو ناونیشانە تازەیەم بەردەوام دادەبارن، بەڵام ئەمجارەیان من خۆم بۆئامادەکردبوو، هەروەك چۆن بۆی چووم وادەرچوو، لەگەڵ یەکەم بەیانیم لە کێڵگەکەدا دەستم بەکارکردن کرد، چالاکانەو بە پەرۆشەوە شەوو رۆژ دەستمکردە سوتاندنی حیکایەتی سەربازەکان لە دەفتەرە رەنگاوڕەنگە خوێندنگایەکاندا بەو هیوایەی جەنگ کۆتایی بێت و ئەم شێتییەش کۆتایی پێبێت لەو پەڕانەی کەڕەنگی شەهوەتێکی خاکیان هەبوو. دوای ساڵانێکی دورودرێژو ترسناك جەنگ وەستا جەنابی دادوەر، بەڵام جەنگێکی تازە هەڵگیرسا. هیچ ڕێگەیەك چارەیەك لە بەردەممدا نەمایەوە تەنها ئاگری کورەکە نەبێت.. تۆش میهرەبان و بەخشەریت.

جەنابی دادوەر: ئێستاش پێش ئەوەی بمگەڕێنیتەوە بۆ شوێنی توێکاری مردووەکان، ئەزانم تۆ خاوەن دەسەڵات و حەکیم و زاناو خۆبەزلزانیت، بەڵام تۆش بەهەمان شێوە لە رۆژنامەیەکی سەربازیدا کارت دەکرد؟

بۆچی تۆش خاوەنی کورەی سوتاندن و بەشەر و ڕۆمانەکانی ؟!

تێبینی :

ڕۆژی( 24 / 3 / 2007 ) ئەم چیرۆکەم نارد بۆ ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ .

و پێیان باش بوو بلأوی بکەنەوە بەلأم دوای مانگێك داوای ئەوەیان لێکردم ئەو دێڕەی

کە ئاماژەی ( * )م بۆداناوە و فۆنتەکەیم گەورە کردووە لابرێت و ئەو کات بلأوی دەکەنەوە

منیش وەك وەرگێڕوپاراستنی ئەمانەتێکی ئەدەبی ڕازینەبوم و چیرۆکەکەم لێوەرگرتنەوە....



www.dengekan.com
5/7/2007